# تۆلستۆی و سینەما



**لیۆ تۆلستۆی**
**لە ئینگلیزییەوە: کارزان کاردۆزی**

لە داهاتوودا دەبینیت ئەم مەکینە بچکۆلە کە ئەو دەسکە بچکۆلە دەیخولێنێتەوە و وێنەکان لەسەر شاشە نیشاندەدات، گۆڕانکارییەکی گەورە درووست دەکات لە ژیانماندا، بەتایبەتی لە ژیانی ئێمەی نووسەردا. هێرشکردنێکی گەورەیە لە دژی هونەری کۆنی نووسین. پێویستە خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو شاشە سێبەری و مەکینە ساردەدا.

# ئەم تێکەڵبوونەی هەست و بینن زۆر چاکترە لەو نووسینە قورس و درێژو وشکەی کە پێی ڕاهاتووین


نووسینێکی تازەگەری دەبێت بێتە ئاراوە، بیری زۆرم لێ کردووەتەوە و هەست دەکەم کە بەرێوەیە، بەڵام من دڵخۆشکەرم پێی، ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕانە لە وێنەکاندا، ئەم تێکەڵبوونەی هەست و بینن زۆر چاکترە لەو نووسینە قورس و درێژو وشکەی کە پێی ڕاهاتووین. ئەم هونەرە لە ژیانەوە نزیکە. لە ژیاندا، گۆڕان و کات وەکو فلاشێک بە خێرایی بەبەر چاوماندا دەڕوات، هەستەکانمان وەکو گەردەلوولێک وایە. سینەما توانایەکی خواییانەی هەیە بۆ گواستەوەی هەست و جووڵە، ئەوە گەورەیی سینەمایە.

کاتێک خەریکی نووسینی «لاشەی زیندوو» بووم، نینۆکی پەنجەکانم دەجوو و قژم ڕادەکیشا، چونکە نەمدەتوانی دیمەن و وێنەکان دروست بکەم، نەمدەتوانی بە خێرایی لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی تر دیمەنەکان بگوازمەوە. ڕێکخستنی دیمەنەکان لەسەر شانۆ نووسەر دەخنکێنێت، دەبوایە ڕاستیی ژیان لە دیمەنەکاندا ببرم بۆ ئەوەی جێگەی ببێتەوە و بگونجێت لەگەڵ ستەیجی شانۆکەدا. لە بیرم دێت جارێکیان باسیان دەکرد کە کەسێکی زیرەک ستەیجێکی شانۆیی دروست کردووە، کە دەخولێتەوە، دەتوانرا لە هەمان کاتدا چەند دیمەنێک ئامادە بکرێت. وەکو منداڵێک دڵم بەو هەواڵە خۆشبوو و توانیتم دە دیمەن بۆ دراماکەم بنووسم، کەچی هەر خەمم بوو کە دراماکەم ڕەنگە لە ناو بچێت، چونکە دیمەنەکان کەم بوون، بەڵام فیلم شتێکی زۆر جوانە، دیمەنەکان هەمیشە ئامادەن، لە دیمەنێکەوە بە خێرایی بۆ دیمەنێکی تر. دەریا دەبینین، لێواری دەریا، شار، کۆشک، لەناو کۆشکەکەدا تراژیدیا ڕوودەدات. بیردەکەمەوە


کە بۆ فیلم شتێک بنووسم، بیرێکم هەیە. بابەتێکی سامناک و خوێناوییە. لە بابەتی خوێناوی ناترسم، سەیری هۆمەر و ئینجیل بکە، چەند دیمەنەی خوێناویی تێدایە؟ کوشتن، جەنگ، گەرچی ئەمانە کتێبی پیرۆزن، خەڵکان ڕێزیان لێدەگرن. بابەتەکە لە خۆیدا خراپ نییە، بەڵکو درێژکردنەوەی خوێنرژانەکە و سازشنانەوە بۆی وای لێدەکات کە بابەتەکە خراپ بێت. چەند هاوڕێیەکم ماوەیەک لەمەو پێش لە ناوچەی کوڕسکەوە گەڕانەوە و شتێکی سامناکیان بۆ باس کردم، ناتوانیت بە شێوەیەکی داستانیانە یان درامیانە بینووسیت، بەڵام بۆ سەر شاشەی سینەما دەگونجێت.

چەند کەسانێک لە بارەی زاڵبوونی کەسانی بازرگان بەسەر سینەمادا و بازرگانیکردن پێیەوە دوواون، کە ئەو کەسانە تەنها ئامانجیان قازانجکردن و پارەپەیاکردن بە هونەری سینەماوە. دەزانم کە ئەوە ڕاستە و پێشتریش لە بارەیەوە پێم وتراوە. لەم کاتەدا، زۆر لە فیلمەکان کەوتوونەتە دەستی کەسانی بازرگانەوە و هونەری سینەما دەگری. ماوەیەک لەمەوپێش لە لێواری ڕووبارێک وەستابووم، نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، پەپوولەی جۆراو جۆر و بە هەموو شکڵ و ڕەنگێکەوە دەسوڕانەوە بە ناو تیشکی ڕەنگینی خۆردا. بە ناو گوڵەکاندا دەسوڕانەوە بەو ژیانە کەمەی کە هەیانە، چونکە لەگەڵ خۆرئاوابووندا لە ناودەچوون و دەمردن.

لەهەمان لێواری ڕووبارەکەدا مێرووویەکەم بینی کە لەسەر باڵەکانی پەڵەیەکی پەمەیی کاڵی پێوەبوو، ئەویش بەدەوری گوڵەکاندا دەسوڕایەوە. لەهەمان کاتداو لەناو ئاوەکەدا بۆقێکی ڕەنگ سەوز بە بێدەنگی و بە سامەوە سەیری چواردەوری خۆی



کاتێک خەریکی نووسینی «لاشەی زیندوو» بووم، نینۆکی پەنجەکانم دەجوو و قژم ڕادەکیشا، چونکە نەمدەتوانی دیمەن و وێنەکان دروست بکەم، نەمدەتوانی بە خێرایی لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی تر دیمەنەکان بگوازمەوە



دەکرد. خۆی ماتکردبوو و بە زەحمەتەوە هەناسەی دەدا. پەپوولەکان بە دەوری بۆقەکەدا دەسوڕانەوە وەکوو حەزبکەن ببینرێن، بەڵام بۆقەکە تەنانەت سەیریشی نەدەکرن. چی ڕووی دا؟ بۆقەکە سەری بەرزکردەوە، دەمی بە درێژی کردەوە، لە پڕێکدا! پەپوولەکە بە حەزی خۆیەوە چووە ناو دەمییەوە، بۆقەکە دەمی داخست و پەپوولەکە دیارنەما.

لەو کاتەدا بیرم کەوتەوە کە پەپوولەکە لە ناو ورگی بۆقەکەدا گەراکەی دادەنێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر ببێتەوە بە مێرووییەک، ئنجا پەپوولەیەکی نوێ و لە سەر زەوی بۆ ساتێکی کورت دەست بکاتەوە بە ژیان. بۆ جارێکی تر یاریکردن لەگەڵ تیشکی خۆردا، مەلەکردن لە ڕووناکیدا و درووستبوونەوەی ژیانێکی نوێ.

هەمان شتە لە سینەمادا لە ڕووباری سینەمادا بۆقێک هەیە (کەسانی بازرگان)، بەسەرروویەوە پەپولەکان دەسوڕێنەوە (هونەرمەند). لە پڕێکدا، دەمی کەسی بازرگان هونەرمەندەکە هەڵدەلووشێت، بەڵام ئەوە مانای نەمان نییە. ئەوە یەکێکە لە ڕێگەکانی درووستبوونەوە، بەردەوامبوون لە درروستبوون. لەناو سکی کەسی بازرگاندا پرۆسەی گەشەکردن و بەرهەمێنان و درووستبوونەوە ڕوودەدات، تۆوی داهاتووی تێدا چێنراوە. ئەم تۆوانە بۆ جارێکی تر درووست دەبنەوە و لەسەر زەوی بڵاودەبنەوە، بۆ جارێکی تر ئەو ژیانە جوان و ڕەنگینانەیان دەست پێدەکەنەوە.

***ئەم نووسینە لە کتێبی «کینۆ: سینەمای سۆڤیەت» لە ئامادەکردنی جەی لیدا لە ئینگلیزییەوە وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی.**